هەرێمی کوردستان/ عێراق

ئەنجومەنی وەزیران

إقليم كوردستان/ العراق

مجلس الـوزراء

# بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران

## ژمارە (٨٠) لە ٢٠٢٠/١٠/٢٨

پشتبەست بە ئەحکامی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەمـوارکراو، و لەبەر ڕۆشـنایی کۆنووسی کۆبـوونەوەی ئاسـایی ئەنجـومەنی وەزیـران ژمـارە (٤٣) لە ٢٠٢٠/١٠/٢٨، بڕیاردرا بە:

١. کۆتاییهێنـان بە لیـژنەی پێکهـاتوو بە بڕیـاری ئەنجـومەنی وەزیـران ژمـارە (٢٠) لە ٢٠١٤/٨/١٧ بە سـەرۆکایەتی بەڕێز وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان لەگەڵ ئاڕاستەکردنی سوپاس و پێزانین بۆ بەڕێزان سەرۆک و ئەندامانی ئەم لیژنەیە لە بەرامبەر هەوڵ و چالاکییەکانیان لە ماوەی ڕابردوودا تایبەت بە سەرپەرشتیکردن و هەمـاهەنگی و ڕێکخسـتنی هەوڵەکـانی حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان بـۆ بەجینۆسایدناسـاندنی تاوانەکـانی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش لە کارەساتی شەنگال و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم.

٢. پێکهێنانی لیژنەیەکی نوێی باڵا بە سـەرۆکایەتی بەڕێز ڕێبەر ئەحمەد وەزیری ناوخۆ و ئەندامێتی ئەم بەڕێزانەی خـوارەوە لە پێنـاوی بـرەودان بە هەوڵەکـانی حکومـەتـی هەرێـم بـۆ بەجینۆسـایدناسـاندنی تاوانەکـانی ڕێکخراوی تیرۆریسـتی داعش لە کارەسـاتی شـەنگـال و نـاوچە کوردسـتانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لە بەرامبـەر پێکهـاتە ئـایینی و نەتەوەیـە جیاوازەکـان و هەمـاهەنگیکردن لـەگـەڵ تیمی لێکۆڵینـەوەی نەتەوە یەکگرتووەکـان بـۆ پەرەپێدانـی هەوڵەکـان و لێپرسـینەوە لە تاوانەکـانی داعـش/ (یونیتـاد)- (United Nations Investigative Team to Promote Accountability for Crimes Committed by ISIL - UNITAD) لە چوارچێوەی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان ژمارە (٢٣٧٩) لە ٢٠١٧/٩/٢١:

أ) وەزیری داد.

ب) وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان.

ج) وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی.

د) وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دانوستان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی.

هـ) وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان.

و) سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران.

ز) سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران.

س) سەرۆکی فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون (سەرۆکی دەستەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بەوەکالەت).

ش) دیندار زێباری ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان.

- سەرۆکی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ وەک دامەزراوەیەکی سەربەخۆ ئامادەی کۆبوونەوەکانی لیژنەکە دەبێت.

٣. لیژنەی پێکهاتوو بەپێی بڕگەی (٢)ی سەرەوە بەپێی پەیڕەوێکی ناوخۆ ئەرک و چالاکی و دابەشکردنی تایبەتمەندێتی و دەسەڵاتەکان و لیژنە لاوەکییەکان و کۆبوونەوەکانی ڕێک دەخات کە لەلایەن بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران پەسەند دەکرێت.

٤. وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن.

مەسرور بارزانی

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران